# تەقوای تەقیوو وەلائی ڕزیوو ... سۆران عومەر

ئیسلامیەكانی كوردستان لەم ساتەوەختەدا بونەتە گروپێكی بچوكی لادەری هەڵوێست لاواز لەڕوی فیكرو سیاسەت و حەرەكەتەوە، بەجۆرێك كە توانای بەرگری لەخۆكردنیشیان نەماوەو لەناو كۆمەڵگەدا ئەوە ڕونە كە ئەمانە لەهەڵوێستی مەبدەئی خۆیان تەنازولیان كردووە لە ژێر فشارو زەبردا و ئیستە لە حاڵەتی مواداهەنەدان، بەومانایەی تەنازولیان لە دینەكەكردووە لە پێناو مانەوەی خۆیان دا. لەگەڵ ئەو لاوازی و بێ هەڵوێستیەدا هەر بەناوی ئیسلام و شەرعەوە موزایەدە سیاسیەكانیان دەفرۆشن بەخەڵكی مسوڵمان وەك بڕوا نەبونیان بە جیهاد و چەك!! ئەوانەش كە جیهادی و چەكداربوون وازیان لە جیهاد هێناو لەگەڵ موكافەحەی ئیرهاب دا ئەوانیش پاك بونەوەو شانیان سوك بوو لەو چەكانە كە خۆیان وتەنی خەباتی ڕزگاریخوازی لەسەرشانی قورس كردبوون!!
ئیستە لەم قۆناغەدا دەیانەوێت بەخەڵكی بڵێن دەنگدان بە یەكێتی و پارتی بەتاك و كۆ گرفت نیە و ئیشكالی ئیسلامی لەسەر نیە وەك بینرا لە هەڵبژاردنی ساڵی پاردا تەواوی دەنگەكانی كۆمەڵ درا بە یەكێتی و پارتی بە بێ ئەوەی داوایان لێ بكرێت یان پێویستیان بێت یان فشاریان بۆ بێت!! ئەوكات یەكگرتوو دەیووت ئەمە دینە كەلەگەڵ یەكێتی و شیوعی و حسك دا دابەزین و ئەوەی پێی دەڵێن لیستی ئیسلامی بەجیا باوی نەماوە!! كەدەوترا جائیز نیە پینەی دەكرد بۆیە شكستێكی زەریعی هێناو پەنجەی خۆی گەست و لیستی هاوپەیمانیش وەزارەتەكەی لێ سەندەوە!! ئەوكاتە كۆمەڵ خۆی بەوە بەهێز دەكردە كە بەخەڵكی خۆی دەگووت ئەوە حیزبە ئیسلامیەكەیە لەگەڵ بەرەی عەلمانی دا هاوپەیمانی كردووەو باوەڕی بە لیستی ئیسلامی نەماوەو ئێمەیان پەراوێز خستووە!! كۆمەڵ توانی دەنگێكی چاوەڕوان نەكراو بێنێت بەو هۆیەوە كە یەكگرتوو هەڵەیەكی گەورەی كرد بەو هاوپەیمانیە و سودەكەی كەوتە سەر لیستی كۆمەڵ!!
بەڵام وا جارێكی تر هەڵبژاردن هاتەوە پێش و ئەوەی كە كۆمەڵ بەیەكگرتوو خۆی پێ بەهێز كرد پێچەوانە بویەوە ئیستە یەكگرتوو بەجیا دادبەزێت و هەڵەكەی ساڵی پاری بۆ بووە بە ئەزموون لیستی سەربەخۆی خۆی دروست كردووە! لێرەدا جێی خۆیەتی بپرسین ئەی سیاسیەكانی یەكگرتوو ئایا ئەو بەرژەوەندی و سیاسەتە گرنگە كە ساڵی پار بەخەڵكتان دەوت و دەتانگوت بۆ میلەتی كوردەو لەهەموو مەسەلەیەكی تر گرنگترە و خەڵكی سادە درك بەو شتە ناكات و زۆر ڕستەی دروستكراوی تریان دەوتەوە بەخەڵك و گەمەیان بە كۆمەڵ دەكرد كە بە جیا دابەزیبوو!! كۆمەڵیش تۆمەتی گەورەی دەخستە سەر یەكگرتوو دەیوت ئەوانە وازیان لە ئیسلامەتی هێناوە و لەگەڵ كوفردا دابەزیوون جائیز نیە دەنگ بدەیت بەوانە، كەچی خۆتان هەموو دەنگەكانتان بە بێ پرسی خەڵك خستە سەر دەنگی شیوعی و حسك و یەكێتی و پارتی!! بەڵام من ئیستە بەهەردوو حیزبە لاوازو بێهێزو پێزە ئیسلامیەكەی كوردستان دەڵێم داخۆ كامتان ڕاستگۆترن لەئەویترتان؟ چی ماوە بیكەن بە بیانووی سیاسەتە نارەواو چەواشەكاریەكانتان لە گومڕاكردنی ئەو خەڵكەی كە بۆ ئەوە شوێنی ئێوە نەكەوتبوو.. !!

rahand@soranomar. com